کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 19:14 11-6-2007

## گەنجەکان بۆ حاشا لە کوردبوونی خۆیان دەکەن؟ ... چالاک عەبدولباقی

کفری/

بەهەزاران گەنج کۆچیان کردووە بۆ هەندەران و ئێستاش ڕۆژانە بەدەیان گەنج ماڵئاوای لە وڵات دەکەن (ئەو گەنجانەیش کە ماون –بەخۆمیشەوە- لەبەر خۆشەویستی نیشتمان یان خزمەتکردنی هاوزمانەکانمان نییە، بەڵکو بەهۆی نەبوونی ئەو بڕە پارەییە کە دەتگەیەنێتە هاندەران، ئەگەر هەموو گەنجێکیش ئەو پارەیەی بۆ دەستەبەربێت یەکسەر دەچێت بۆ دەرەوە) ئەو گەنجانەش کاتی دەگەن بە هەندەران خۆیان بە عەرەب لەقەڵەم ئەدەن و حاشا لە کوردبوونی خۆیان دەکەن، هەرچەندیش گەنجی ئەمڕۆ بەشێوەیەکی گشتی حاشای لە کوردبوونی خۆی کردووە. ئەگەر ئێستاش ڕاپرسییەك ئەنجام بدەین لەنێو گەنجاندا ڕاپرسییەکەش تەنها بریتی بێت لە یەك پرسیار، ئەویش (ئەگەر حاشا لە کوردبوونی خۆت بکەیت ئەوە دەتبەین بۆ هەندەران؟) بڕوا ناکەم تەنها یەك گەنج حاشا لە کوردبوونی خۆی نەکات. گەنجی دوێنی ژیانی شاخ و برسێتی و ساردی هەڵدەبژارد، چونکە ئامادەنەبوو گوی بیستی کەسێك بێت کە جنێو بە نەتەوەکەی بدات، بەڵام ئەمڕۆ ژیانی شاخ و برسێتی و ساردی هەڵدەبژێری بۆ ئەوەی حاشا لە کوردبوونی خۆی بکات و زۆر دورەپەرێز بێت لە خاك و نیشتمانەکەی. گەنجی دوێنی خوێنی خۆی دەبەخشی بۆ ڕزگارکردنی نەتەوەکەی لە ستەمکاران، کەچی ئێستا خوێنی خۆی دەبەخشێت لەپێناو حاشاکردنی لە نەتەوەکەی و گوی لێنەبوونی ناوی وڵاتێك کە ناوی کوردستانە. هەڵگەڕانەوەی ئەم هەست و تێڕامانەی گەنجان بەرامبەر نەتەوەکەیان بۆچی؟ ئایا دەکرێت بڵێین گەنجی ئەمڕۆ بی عەقڵە و تەواونییە هەروەکو هەزاران کەسی تر دەڵێت، بێگومان نەخێر، بەڵکو دەبێت بیرکردنەویەکی زانستیانەی قوڵ و واقیعی بۆ بکەین و پاشان وەڵامی بدەینەوە. من بۆ خوم پاش بیرکردنەوەیەکی زۆر و گفتوگۆیەکی ڕۆشنبیرانە لەگەڵ کۆمەڵە گەنجێکدا بەم جۆرە وەڵامی تایتڵی بابەتەکەی خۆم ئەدەمەوە (ئەوەی من دەیڵێم مەرج نییە وەڵامێکی تەواو بی شەك و گومان نەبێت، چونکە مرۆڤ هەرچەندیشە گەورە و بڵندیش بێت مەرج نییە تێڕامانی بۆ شتەکان تەواو بی کەموکوڕی بێت) . هۆکاری حاشاکردنی گەنجی ئەمڕۆ لە نەتەوەکەی لە دوو پنتدا کۆ دەکەمەوە، یەکەمی پەیوەستە بە گۆڕینی تێڕامانی گەنج بۆ ژیان و دووەمیش گۆڕینی ژیانی دەسەڵاتدارانە. گەنجی دوێنی تەنها دۆزەخی دەناسی و ئاگای لە بوونی ژیانێکی تر نەبووە لەسەر زەمیندا کە (بەهشت) ـە، بۆیە ئەو وەها دەزانی کە هەموو مرۆڤەکانی ئەم سەرزەمینە هەر وەکو ئەو دەژین کاتێکیش ئەم تێڕامانی بۆ ژیان هەبێت ئیدی بۆ ئامادەنەبێت ڕوحی خۆی ببەخشێت لەپێناو مانەوەی ئەو ژیانە دۆزەخییەدا، بەڵام گەنجی ئەمڕۆ دەزانێت ژیانێك هەیە پێی دەڵێن (بەهەشت) لەپیناو ئەو ژیانەشدا ئامادەیە نەك تەنها حاشا لە کوردبوونی خۆی بکات، بەڵکو حاشا لە دایك و باوکی خۆیشی دەکات. (کاتی بەهشت بوونی نەبێت لە مێشکی مرۆڤدا ئەوە خۆشبەختانە دەژێت لە دۆزخدا، بەڵام ساتی هەستی بە بوونی بەهشت کرد ئەوە یان خۆی دەگەیەنی بەو بەهەشتە، یان هەمەکارە دەبێت بۆ گۆڕینی دۆزەخەکەی خۆی بە بەهەشت، خۆ ئەگەر هیچ کامیان لەدەست نەدەیت ئەوە یان خۆی دەکوژێت یان لەنێو دەریای خەمدا غەرق دەبێت و بە ڕۆژ بە خەیاڵ لەورە دەژێت و بە شەویش خەو بە ئەوەوە دەبینێت) . بە واتایەکی تر (گەنجی لادی لەوپەڕی خۆشیدا دەژێت تا ئەوکاتەی ئاشنای ژیانی گەنجی شار نەبێت، بەڵام کاتی ئاشنای بوو یان خۆی دەگوازێتەوە بۆ شارن یان خەم هەموو ساتی دەبێتە میوانی دڵ و دەرونی) . کەواتا ئەو گەنجانەی ئەمڕۆ لە کوردستاندا ماون تەنها دوو گروپن، یەکێکیان لەنێو غەمدا غەرق بووە و ڕەنگە ڕۆژانەش سەدان جار حاشا لە کوردبوونی خۆی بکات و هەزاران جاری تریش جنێو بەو دەسەڵاتە بدات کە ئەو زەمینە غەمگینەی بۆ دروست کردووە،

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دووەمیشیان لەوپەڕی ئاسودەیدا دەژێت، چونکە ئاگای لە بوونی ژیانێکی تر نییە لەسەر زەمیندا کە ناوی بەهەشتە، ئەمە لە لایەکەوە و لە لایەکی ترەوە گۆڕینی ژیانی دەسەڵاتداران لە دۆزخەوە بۆ بەهەشت ئەو کاردانەوەی لە لای گەنج دروست کردوە، دوێنی دەسەڵاتداران لەگەڵ جەماوەردا دەژیان و هەر هەموویان پێکەوە ئاهەنگیان دەگێڕا و پێکەوەش لەنێو غەمدا غەرق دەبوون، بەڵام ئەمڕۆ ئەوان خۆیان لە جەماوەر بە تەواوی جیا کردۆتەوە و بەهشتیان لەنێو ئەم دۆزەخەدا دروستکردووە. گەنج بۆیە حاشا لە کوردبوونی خۆی دەکات، چونکە ئامادە نییە ناوی لە نەتەوەیەکدا تۆمار بکرێت کە دەسەڵاتدارەکانی لە بەهشت بژین و جەماوەرەکەیشی لە دۆزەخدا. بەس پێم بڵێن گەنج دڵی بە چی ئەو نەتەوەیە خۆش بکات کە بەرپرسەکانی لە هیچی کەم نەبێت و جەماوەرەکەیشی لە هەموو شتێکی کەم بێت؟ نەتەوەیەك کە حکومەتەکەی نەتوانێت لە ماوەی زیاد لە (16) ساڵدا تەنها یەك کێشە (کارەبا) چارەسەربکات؟ توخوا چۆن لەرووت دێت بڵێیت من ئەندامێکی ئەو نەتەوەیەم. هەر چی بڵێین، هەر چی بنووسین، هێشتا هاوشێوەی گەردێکی لە هەموو ئاوەکانی سەرزەمین ئاماژەمان بەو غەم و ئازارنە نەکردووە کە جەماوەری ئەم وڵاتە تیایدا غەرق بوونە، یان بەو خۆشی و شادیەمان نەکردووە کە دەسەڵاتداران تیایدا ساتەکانی ژیانیان بەسەر دەبەن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.